تەرمی بیست کۆچبەری نایاسایی لە کەنارەکانی وڵاتی تونس دەزرایەوە

دەسەڵاتدارانی وڵاتی تونس لە باکووری ئەفریقا ئەوارۆی ڕۆژی چوارشەممە 18ـی کانوونی یەکەمی 2024 تەرمی بیست کۆچبەری نایاسایی لە کەنارەکانی پارێزگای سفاقس لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە و ڕزگارکردنی پێنج کۆچبەری دیکەیان ڕاگەیاند.

بەوبەرایەتی گشتی پاسەوانی نیشتمانی وڵاتی تونس لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کە یەکەکانی هێزی دەریایی ناوچەی پاسەوانی دەریایی لە ناوچەی وەسەت تەرمی 20 کۆچبەری نایاساییان دۆزیوەتەوە و هێزەکانی پاسەوانی کەناراوەکانیش توانیویانە 5 کەسی دیکەش ڕزگار بکەن پاش ئەوەی بەلەمەکەیان لە دووری 13 میل دەریایی لە کەناراوەکانی ناوچەی لوزا لە پارێزگای سفاقس نقوم بوو.

بەوبەرایەتی دەریایی ئاماژەی بە بەردەوامی ئەپەراسیۆنەکانی گەڕان و پشکنین کرد لەلایەن یەکەکانی دەریایی بە دەزیەوەی بەسەروشوێنەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکەدا، هەروەها جێختی لە پابەندبوونی خۆی کردەوە بە بەردەوامبوون لە کارکردن بە پاراستنی سنوورە دەریاییەکان و پاراستنی گیانی خەڵکی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.